# ئاگاداری و ڕوونکردنەوە دەربارەی
# ڕۆژنامەی (کوردستانا سۆڤیەت 1923-1961)

**ڕێناس نەورۆزی**

نووسەری بەڕێز کاك فەخرەدین تاهیر دوێنێ 2004.09.30 لە ماڵپەڕی دەنگەکاندا بابەتێکی لەژێر ناوی (ڕۆژنامەی سۆڤیەت کوردستان و موژدەیەك) بڵاوکردۆتەوە، هەروەها هەمان بابەت لەژمارە (86-87)ی گۆڤاری ڕامان لەهەولێر بڵاوکراوەتەوە. من وێڕای دەستخۆشی بۆ کاك فەخرەدین سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕۆژنامەکە و زانیاری دەربارەی بەشێك لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکە، دوو ڕوونکردنەوەم بۆ خوێنەران و بۆ بەڕێزی هەیە.

یەکەم: ڕۆژنامەکە (سوڤیەت کوردستان) ناوەکەی بە کوردی (کوردستانا سۆڤیەت)ە و لەناو کوردانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بە ڕۆژنامەی (کوردستانا سۆڤیەت) ناودەبردرێت. ڕۆژنامەکە لەساڵی 1923 لەشاری لاچینی پایتەختی هەرێمی کوردستانی سۆڤیەت (کوردستانا سۆر) دەرچووە و تا ساڵی 1929 بە ڕێك و پێکی بەردەوامبووە لەدەرچوون، وەلێ لەساڵی 1929 تا داخرانی بەیەکجاری لەساڵی 1961 چەندین جار بەهۆکاری سیاسی و ئابووری وەستاوە و پاشان بەردەوامبۆتەوە لەدەرچوون.

دووەم: بەر لە کاك فەخرەدین چەندین نووسەر و ڕۆژنامەوانیتری ناسراوی کورد ئاماژەیان بەدەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە کردووە و من لەخوارەوە ئاماژەم بەهەندێك لەو کەسانە کردووە کە دەربارەی ئەو ڕۆژنامەیان نووسیوە.

(شەرەف ئەشیری) نووسەری کۆچکردووی کوردی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ساڵی 2001 لە وتارێکدا لەژێرناوی (کوردێن ئازەربایجانێ) کە چەند مانگێك بەر لەکۆچی دوایی لە گۆڤاری (هیوا)ی بڵاوکردۆتەوە؛ جگە لە باسێکی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانا سۆر و ڕەوشی کوردەکانی ئازەربایجان ئاماژەی بەوە کردووە کە پاش بڕیاری دامەزراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە ئازەربایجان ڕۆژنامەیەك بەزمانی کوردی بەناوی (کوردستانا سۆڤیەت) دەستی بەدەرچوون کردووە. هەروەها هەمان وتار لەرۆژی 2004/5/8 لە ماڵپەڕی (دەنگێ کوردێن قەفقاسیا) دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

(وەزیرێ ئەشۆ) نووسەر و ڕۆژنامەوانی کوردی سۆڤیەتی پێشوو کە تەمەنی نزیك بە 80 ساڵە و ئێستاش لە ژیانداماوە، لە سیمینارێکدا لەژێر ناوی (کوردزانی ل یەکێتیا سۆڤیەتا بەرێ) سازیکرد ئاماژەی بە ڕۆژنامەی (کوردستانا سۆڤیەت) کرد کە لە سەردەمی کوردستانا سۆر دەستی بە دەرچوون کردووە.

(تیمورێ خەلیل) نووسەر و ڕۆژنامەوانی کۆنی ڕۆژنامەی (ریا تازە) لە وتارێکدا کە ساڵی 2002 لە گۆڤاری ئاڤێستا ئۆنلاین سەبارەت بە ڕۆژنامەی (ریا تازە) بڵاویکردۆتەوە، ئاماژەی بەو ڕۆژنامەیە کردووە کە بەر لە (ریاتازە) دەرچووە و ناوبراو تەنیا ئەو زانیاریانەی خستۆتە ڕوو: ( ڕۆژنامەی سۆڤیەتیسکا کوردستان = کوردستانا سۆڤیەت، لە ئازەربایجان، ساڵانی 1923-1961، بەزمانی ئازەری).

(پۆلات جان) نووسەری کورد لە ئەرمینا لە وتارێکدا بەزمانی ئەرمەنی کە لە ڕۆژنامەی (مەزۆپۆتامیا) لە مانگی جانیوەری 2004 بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بەو ڕۆژنامەیە کردووە و بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەستی ناوبراو کەوتوون؛ ڕۆژنامەی (کوردستانا سۆڤیەت) ساڵی 1923 دەرچووە و سەرباری هەموو ئاستەنگیەکی سیاسی و ئابووری، ڕۆژنامەی ناوبراو تا ساڵی 1961 درێژەی هەبووە و لەو ساڵەدا داخراوە و ڕۆژنامەکەش بەزمانی ئازەری بووە.

منیش لەرۆژی 2002/4/27 بابەتێکم بەناوی (پانۆرامای ڕۆژنامەگەری کوردستان) لەژمارە (52)ی گۆڤاری هیوا بڵاوکردۆتەوە، لەوێ ئاماژەم بەو ڕۆژنامەیە کردووە، کە لەساڵی 1923 لە لاچین دەرچووە.

بەگوێرەی ئاگاداری و زانیارییەکانم هەریەك لە ڕۆژنامەی دەنگی کورد (1992-1994) کە بەزمانی ڕووسی و هەروەها ڕۆژنامەی بۆتان (1993-1997) کە بەزمانی ئەرمەنی دەرچوونە پێشتر سەبارەت بەو ڕۆژنامەیان نووسیوە.

هەر بەوبۆنەیەوە من دەمەوێ ئاماژە بە گۆڤاری (قەفقاس) بکەم کە لە ناوەڕاستی چلەکان لە یەکێتی سۆڤیەت دەرچووە. ڕۆژنامەی (ڕۆژا نوو) کە د. کامران بەدرخان لە بەیروت دەریدەکرد لەژمارە (52)ی خۆی کە لەرۆژی 1945/7/30 بڵاوکراوەتەوە. لە لاپەڕە چوار دەربارەی گۆڤاری (قەفقاس) نووسیویەتی: (کۆڤارا قەفقاسێ - کۆڤارەکە گرانەیە، 32 ڕووپەلێن دوێ هەنە. نڤیسڤانێن

کورد یێن مەزن ژیێن هێلا قەفقاسێ تێدا دنڤیسینن، تیپێن دوێ کوردینە، هەر حەفتەی جارەك دەردکەڤە.) هەروەها رۆژا نوو ناونیشانی گۆڤارەکەشی وا نووسیوە: (کۆڤارا قەفقاسێ: تفلیس؛ سۆڤیەتستان).

ئەوەی گرنگە وەك کاك فەخرەدین ئاماژەی پێکردووە، گەڕان بەدوای رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکان کاری تاکەکەس نین، بەڵکو کاری دام و دەزگای گەورەن، لە هەموویشی گرنگتر رۆڵی ئێمەی تاکە کە بە هەموو لایەکمان پێویستە بتوانین لە گەڕان و لێکۆلینەوە و ئەرشیفکردنی مێژووی کوردستان و گەلە پەرش و بڵاوەکەمان هاوکاری زیاتری یەکتری بین لەپێناو پاراستنی دوێنی و ئەمڕۆمان، بۆ بەیانی.

newrozi@journalist.com